
هاینریش بۆڵ

# پرد

و: حسێن عەلی



لاقیان چاک کردمەوە و کارێکیان دامێ بتوانم بە دانیشتنەوە بیکەم: لە سەرمە ئەو کەسانە ژمار دە بکەم کە بەسەر پردەکەدا دەپەڕێنەوە. دڵخۆش دەبن کاتێک بە ژمارە پسپۆڕی خۆیان دەسەلمێنن و بەم قسە هیچ وپوچەی کە لە چەند ژمارەیەک پێک هاتووە بێ هۆش دەبن. بە درێژایی رۆژگار، زارە لاڵەکەم وەک دانی پێچکەی کاتژمێر دەجووڵێ و ژمارە دەخەمە پاڵ ژمارە، بۆ ئەوەی شەوێک سەرکەوتنێکی ژمارەییان پێشکێش بکەم.

شادمان دەبن و هەرچەندە ژمارەکە گەورەتر بێت رووگەش تر دەبن، ئێستا هۆی قایلبوونیان لە خۆیان و راکشانیان لەسەر پێخەفەکەیان بە دڵنیاییەوە هەیە: رۆژانە هەزاران کەس لە پردە نوێیەکە دەپەڕێنەوە..

بەڵام ژماردەکەیان لەگەڵ راستیدا پڕاوپڕ نییە. من دڵتەنگم، بەڵام لەگەڵ راستیدا پڕاوپڕ نییە. هەرچەندە من دەزانم چۆن هەست بە دادی جێ بێڵم، بەڵام من مرۆڤێکی شایەنی بڕوا نییە.

لام خۆشە بە نهێنی ژماردنی کەسێک فەرامۆش بکەم، ئینجا ـ کاتێک هەست بە بەزەیی دەکەم ـ دەگەڕێمەوە و هەندێ ژمارەیان پێشکێش دەکەم. بەختیاری لە دەستی مندایە. کاتێک توورە دەبم ـ ئەگەر سیگارم پێ نەبێ ـ تەنیا ناویان بۆ دەنووسم و جار بەجار خوار ناوینیش. کاتێک دڵم بە پەلە لێ دەدات ـ ئەگەر بەختیار بووم ـ بەخشندەییم بە ژمارەیەکی پێنجی هەڵدەقولێت. ئای لەو کاتەدا چەند بەختیار دەبن! هەموو جارێک بە شێوازێکی یاساییانە ئەنجامەکەم لە دەست دەردێنن، ئینجا دەکێشن بە شانمدا. ئەوان ئاگایان لە هیچ نییە! ئینجا دەست بە کرداری لێکدان و دابەشکردن دەکەن و رێژەی سەدی دەر دەکەن.. بۆ چ شتێک؟ نازانم. ژمارەی ئەو کەسانە دەکەن کە لە یەک چرکەدا لە پردەکە دەپەڕێنەوە و ژمارەی ئەو کەسانەی لە ماوەی دە ساڵدا لێی دەپەڕێنەوە. دوا رۆژی دووریان خۆش دەوێت.. ئەوان دوا رۆژی دوور پەسەند دەکەن ـ بەڵام بە داخەوە دەڵێم، هەموو ئەمانە راست نین. کە کاتێک خۆشەویستە کورتەباڵاکەم لە پردەکە دەپەڕێتەوە، ئەو رۆژی دوو جار بە سەریدا دەپەڕێتەوە، بە ئاسانی دڵم لە لێدان دەوەستێت و ئەو پلی لێدانەی دڵم کە وەڕس و ماندوو نابێت هەتا خۆشەویستەکەم بە لای رێگە سەرەکییەکەدا لادەدات و لە چاو ون دەبێت لە لێدان دەکەوێت. هەر کەسێک لەو کاتەدا تێپەڕ دەبێت تۆماری ناکەم و لێیان دەشارمەوە. ئەم دوو چرکەیە موڵکی خۆمن، تەنیا بۆ خۆمن، ناهێڵم لێمی بستێنن. هەروەها کاتێک شەو لە پێشانگەی پۆشاکفرۆشەکە دەگەڕێتەوە، بەسەر شۆستەکەی بەرامبەر زاری لاڵم دەپەڕێتەوە کە هەر دەبێ ژماردە بکات، سەرلەنوێ دڵم لە لێدان دەوەستێت، دووبارە دەست بە ژماردە ناکەمەوە تا لە بەرچاوم ون دەبێت. هەموو ئەو بەختەوەرانەی لەو دوو چرکەیەدا لە بەرچاوە کوێرەکانم بە پەڕینەوە بەختەوەر دەبن، بە ئامارەکە نەمر ناکرێت! ژنان و پیاوان لە سێبەرەکەدا دەمێننەوە.

بوونەوەری نەبوو ناچنە نێو ئامار و دوا ڕۆژە دوورەکەی..

ئاشکرایە من خۆشم دەوێت، بەڵام ئەو هیچ لەو بارەیەوە نازانێت و منیش دەمەوێت شتێک بزانێت بۆی نییە بزانێت چۆن هەموو شتێک بشێوێنێ. لە سەریەتی ئاگەداری قژە خورماییە درێژەکەی و هەردوو پێ ناسکەکەی بکات و بێ ئەوەی هەست بە گوناه و هەڵە بکات و بە بێ ئاگاهی لە چوونیدا بۆ پێشانگەی پۆشاکفرۆشەکە بەردەوام بێت و پارەیەک زۆری لە خەڵات دەستکەوێ. خۆشم دەوێ. خۆشەویستیم وەک خۆر ئاشکرایە.

پێش ماوەیەکی کەم بە پشکنینم هەڵسان و ئەو هاوڕێییەی کە لەوبەر دادەنیشێ لە کاتێکی گونجاودا ئاگەداری کردم، هەموو هەستم وشیار بووەوە، هەروەک شێت ژماردەم دەکرد، تەنانەت، ئامێری ژماردە دە ناشێ لە من باشتر ژماردە بکات. خودی سەرۆکی ئامارنووسەکان لام وەستا و ئینجا تەواو بەراوردی ئەوەی کرد کە لە کاتژمێرێکدا لە لیستی ئامارەکەدا نووسیم. ئەو ژمارەیەی نووسیبووم تەنیا یەک ژمارەی کەمە. خۆشەویستە کورتەباڵاکەم پەڕیبوو، و لە ژیانمدا هەرگیز ڕێ نادەم بە گوێزانەوەی خۆشەویستە بچکۆلە جوانەکەم بۆ دوا ڕۆژی دوور. ناخۆشە خۆشەویستە کورتەباڵاکەم ناخرێتە ژێر کرداری لێکدان و دابەشکردن و ناکرێتە نێو گێلی و گەمژەیی ڕێژەی سەدی، دڵم داقڵیشا کاتێک خەریکی ئامارنووسین بووم و نەمتوانی بە چاو دوای کەوم، بەڵام من قەرزارێکی زۆری ئەو هاوڕێیەمم کە ئامێری ئۆتۆمۆبێلەکان دەنووسێ، پشکنینەکە، بۆ من چارەنووسی بوو.

سەرۆکی ئامارەکە کێشای بە شانمدا و گوتی من مرۆڤێکی بە توانا و دڵسۆزم و پشتی پێ دەبەستریّ. هەروەها گوتی: شتێکی گرینگ نییە لە کاتژمێرێکدا هەڵەیەک لە ژماردنی کەسێکدا بکەیت، بە هەرحاڵ ئێمە ڕێژەیەکی سەدی دیاریکراو لە بری ئەو دەدەینە سەری و پێشنیار دەکەم بۆ ئەو عەرەبانەیەی کە ئەسپ رای دەکێشێ بگوێزرێیتەوە.

بێگومان عەرەبانەی ئەسپ هەلێکی زێڕینییە. عەرەبانەی ئەسپ حەوانەوەیە. ئەوپەڕی ژمارە لە ڕۆژێکدا دەگاتە بیست و پێنج عەرەبانە. هەموو نیو کاتژمێرێک ژمارەیەک.. ئا ئەمەیە حەوانەوە!

عەرەبانەی ئەسپ هەلێکی نایابە. لە نێوان کاتژمێر چوار و هەشت هەرگیز ڕێ بە هاتوچۆیان لەسەر پردەکە نادرێ. ئەو کات دەتوانم بۆ سەیران بڕۆم، یاخۆ بۆ پێشانگەی پۆشاکفرۆشەکە، دەتوانم بۆ ماوەیەکی زۆر بیبینم، یاخۆ لەوانەیە لەگەڵی بچم بۆ ماڵەوە... خۆشەویستە کورتەباڵاکەم ئامار نەکرا.

سەرچاوە: کتێبی (وکان مساو...) سمیر جریس کردوویەتی بە عەرەبی